# ڕەنگڕێژکردنی ڕێگەکەی بەرەو ڕووناکیی

**ئۆلی گرانات**
**لە ئینگلیزییەوە: گەلاڵیی**

بەپێچەوانەی زۆربەی تابلۆ یەکڕەنگییەکان، تابلۆیەکانی مەدحەت کاکەیی دەنگدەرەوە و بارکراون لە مانا، پڕن هەم لە شادیی و هەمیش لە ئازار، پڕکراون بە ڕووناکییی دڵڕەقیی و بەزەیی. بە تێکهەڵکێشانمان بە ڕووە خووساوەکەی ئەدێلەید گازینۆ یەکسەر چاومان بەر چەندان ڕەنگ، چینی تۆخ، کاڵ و چۆنیەک و دژ دەکەوێت، کە هەموویان بەشدارن لە ژیانپێدان بەو تابلۆیانە. وەک بڵێی بۆ ئەوە کێشراون، کە هەناسەمان پێببڕێت، چاوەکانمان تا دەگات بە لێوارەکەی قفڵ دەبێت و بۆچوونێکمان دروست دەبێت، کەوا هەست بکەین پەڕجووێک کراوەتەوە. ڕووە پڕکراوەکەی واتای خۆی لە بڕێکی ئێجگار زۆر لە چین و بنەبڕکردن لە دەمی بەئاگاهاتنەوەی گەڕانێک، کە پڕە لە هیوا و نائومێدیی داڕێژراون. لەوانەیە وا پێویست بکات، کەوا هەستنەکەین، کە ئەو جۆرە لە گەڕان تەواو دابڕاوە لە بانگە دینییەکەی. گرینگ نییە ڕووناکییەکەی چەندە زەق و خۆدەرخەرە، ئێمە هێشتا بە حەقیقەتەکە ئاسوودەین، هەرچەندەش حەقیقەتێکی واش بێت. بنچینەی تابلۆیەکانی مەدحەت کاکەیی لە تاریکییدا، بە باکگراوەندە کوردییەکەشیەوە، زۆر دەگمەن بەدوای ئەشکەنجەدا دەگەڕێتن. ئەلیەنت گازینۆ بوون بەو پیاوەی، کە دەزانێت دەگەڕێتەوە سەر چی، گەڕاوەتەوە سەر بنچینەکەی، هەرچەندە لە شوێنێکی بە جەنگوێرانبوودا تابلۆیەکانی کێشاون. لە گەڕانەوەیدا بۆی دەرکەوت، کە چیتر ناتوانێت لە وێنەکێشانی ئەم هەموو ئازار و وێرانییە بەیەک ڕەنگی ڕەشوسپی بەردەوام بێت. بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە لە ئیسپانیا خوێندکار بوو، فێربوو، کە چۆن ئازارەکانی نیشتیمانی بکێشێت. لە سەرنجی یەکەمینەوە هیچ جۆرە لێکچوونێکی ڕوونمان بۆ دەرناکەوێت، بەمە، ئەگەر زیاتر لێی قووڵ ببینەوە و تێی بڕوانیین، لەوانەیە هەست بە هەناسەی گۆیا* بکەین لە قوڕگی مەدحەتەوە. بۆ مەدحەت کاکەیی، داخستنی ستۆدیۆیەکەی لەو شوێنە بە جەنگوێرانبووەدا ئەستەم بوو. وەکەوەی باوەڕبێنی بەوەی، کە هونەری داهێنەرانە ئەستەمە چاکسازیی تێدا بکرێت و باشتر بکرێت، ئەستەمبوو، بۆیە لەناو ئەو هەموو وێرانییەشدا هەر بەردەوام بوو لە وێنەکێشان، وەک ئەوەی بڵێت: ڕەنگە بتوانین جیهانی ئێمە بکەن بە وردە پارچەی بچووک بچووک، بەڵام هەرگیز ناتوانن بمان وەستێنن، هەمیشە بەردەوام دەبین لە بنیادنانەوەی جیهانێکی نوێ، زۆر بە سادەیی دەکرێ بڵێین: کە ئەمانە وتەگەلێکبوون دەربارەی سروشتی مرۆڤ. ئەوە بۆیە کاتێک، کە جانگاوەران لە جەنگەکانیاندا شکست دێنن،

مرۆڤەکان لە پاش ئەوان دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی پاشماوەکانی جەنگ و بنیادی دەنێنەوە و بە دوای ڕووناکییدا دەگەڕێن لەو شوێنەی، کە جارێک بە تاریکیی دەورەدرابوو. مەدحەت کاکەیی، نشتیمانە چەوساوەکەی جێهێشت بۆ ئەوەی کار لەسەر تابلۆ یەکڕەنگییەکانی بکات. پێنەدەچوو ژیانی کۆچەریی بێزاری بکات، بە دڵ و بە مێشکیش هەمیشە لە نیشتیمان بوو، هەرچەندە لە هەموو شوێنێکیشی ڕووناکیی هەبوو، بەمە، ئەو دەیزانی دەبێ بەرەو کوێ بچێت. لەوانەیە ڕووبەری زۆربەی چینی تابلۆیەکانی دەربارەی ئەوە بێت، کە چەندە جیهان ببینێت، ئەوەندە بۆیەی پێویستە بۆ ئەوەی بە ڕووناکیی ڕاستەقینە بگات. ئەگەرچی ئەو شیانە دواییەهاتووەی هەرگیز بێورەی نەکردووە، بەڵکو بە باوەڕ و دڵنیایی خۆی بووە، کە ئەوە ئەو ڕووناکییەیە، کە هەموو تابلۆیەکانی دەگرێتەوە. گرینگ نییە ئەو بە فڵچەکەی بەچی گەیشتووە، گرینگ ئەو ڕووناکییەیە، کە چاوان دەبات، وێنەی شتێک دەکێشێت، کە دەبوایە لە هەموو ڕوویەکەوە مردوو، ماددەی خامۆش بوونایە، بەڵام نین. بەپێچەوانەوە، بە دەورگرتنمان بەم هەموو کارە هونەرییە، خۆمان وا دەبینینەوە، کە ڕاکێشراوینەتە ناو قووڵترین هەستی وشەوە؛ کە ئەویش مرۆڤبوونە.

❊❊❊❊

**پەراوێز:**

فرانسیسکۆ گۆیا (١٧٤٦- ١٨٢٦)، نیگارکێشێکی ڕۆمانتیکی ئیسپانییە. بە گرینگترین هونەرمەندی ئیسپانیی دادەنرێت لە کۆتایی سەتەی هەژدەهەم و سەرەتاکانی سەتەی نۆزدەهەم، کە جگە لە کاری هونەریی، سەرقاڵی ڕەخنە و مێژوونووسینیش بووە.

سەرچاوە:
/http://www.madhatkakei.com